

## ئەجینندای پەرلەمان و حکومەت

# لە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتدا

**بەپێی زۆرێك لە توێژینەوە و سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ، لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەند و وڵاتانی دەوروبەردا بەگشتی هێشتا ئافرەت بوونەوەرێکە کە نەك تەنیا بە مافە رەواکانی شاد نەبووەتەوە، بگرە بە شێوازی جۆراوجۆر دەچەوسێندرێتەوە و هەموو مافەکانیشی پێشێل دەکرێ. لە باشووری کوردستان هەنگاوەکان بەرەو پێش دەچن و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش شانبەشانی رێکخراوەکانی مەدەنی، پرسی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت تاوتوێ دەکەن و چەند دەستکەوتی یاساییشی بووە، بەڵام هێشتا توندوتیژی و فرەژنی و هاوسەرگیری بە زۆرەملێ و چەندین گرفتی دیکە بەرۆکی ئافرەتانی گرتووە، بۆیە بە پێویست دەزاندرێ کە پەرلەمان و حکومەت بۆ پێشخستن و گرنگیدان بەپرسی ئافرەت و مافەکانی، کات و بودجەی زیاتر تەرخان بکەن، تاوەکوو ئافرەتانی کوردستانیش لانیکەم وەك ئافرەتانی وڵاتانی پێشکەوتوو زۆربەی مافەکانیان دەستەبەر بکەن، ئەوەش کاتێك مسۆگەر دەبێت کە جیاوازییە رەگەزییەکان بنبڕ بکرێ.**

گەرچی بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زیاتری بە پرسی ئافرەت و مافەکانیان داوە، بەشێکی بەرچاویش لە پۆستەکانی حزبی و حکوومی بە ئافرەتان سپێردراون، لە زۆربەی کابینەکانی حکومەتیشدا وەزیری ئافرەت هەبووە، لەپۆستە باڵاکانی وەك راوێژکار و بەڕێوبەری گشتی و سەرۆکی دەستەکان و بگرە بەڕێوەبەری دامەزراوە حکومییەکانیش کەم تا زۆر پشکی خۆیان بەرکەوتووە، بەڵام هەمیشە توێژی رۆشنبیران و چالاکانی مەدەنی تا هەنوکەش بە چاوی گومانەوە لە ئەجندای پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان دەڕوانن.

ئەوەتا ئاشتی عەزیز سالح، کە یەکێکە لە پەرلەمانتارە چالاکەکانی خولی پێشووی پەرلەمان، دەڵێت: «زۆر بەداخەوە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە کە پرسی ژن زۆر بە لۆکالی ماوەتەوە و هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت نەیتوانیوە بۆ گۆڕانکاری لە مافەکانی ژنان و برەودان بە تواناکانیان هەنگاوی عەمەلی بنێت»

ئاشتی عەزیز جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پرسی ژنی لە قاڵبداوەو تەنانەت کێشەی ژن زۆر بە داخراوی هێڵراوەتەوە، چونکە نە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و نە دەسەڵاتی یاسادانانیش نەیانتوانیوە کاری زۆر لەسەر پرسی ژنان بکەن».

گوتیشی: «پەراوێزخستنی ژنان لەلایەن حکومەتەوە لەچەند خاڵێکدا دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە چەندین یاسای تایبەت بە پرسی ژنان هەبوو، لەوانە یاسای کابانی ماڵ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و یاسای هاوکاری قەیرەکچان و چەندین یاسای تریش کە هەمووی ئەمانە پەراوێزخران و نەخرانە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات لە دوو لاوە کارکراوە بۆ پەراوێزخستنی ژنان، لە لایەکیان وەك پێویست یاساکان دەرنەکراوە کە خزمەت بە ژنان بکات و هەر ئەو یاسایانەش لەلایەن دەسەڵاتی تەشریعییەوە پەراوێز خراون، لە لایەکی دیکەوە هەندێکجار یاساکان لەلایەن پەرلەمانەوە دەکراوەو ئامادەکراوە، تەنانەت هەمواریش کراوە، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لایەنی پەیوەندیدارە فەرامۆشی کردووە».

ئاشتی رەخنە لە ئیرادەی سیاسەتوانانی کوردو حکومەتی هەرێم دەگرێت و دەڵێت: « پەرپرسانی سیاسی بە حزبی و حکوومییەوە زۆرجار وەهای



نیشان دەدەن کە پرسی ژنیان بەرەو پێش بردووە و وەك ئەولەوییەتێکی گرنگ کاریان لەسەر کردووە، ئەوەش بە بەخشینی پۆستێکی حزبی، یان وەزارەتێك، یان بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی بە ئافرەت، کە خۆی لەخۆیدا هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕدرێت». گوتیشی: «ئەگەر حکومەت بیەوێت خۆی وەها نیشان بدات کە پرسی ژنانی بەرەو پێش بردووە، دەچێت ژنێك دەکاتە وەزیر، ئەمەش نابێتە هۆی گۆڕانی پارسەنگی بۆ تواناکانی ژنان و بەرەوپێش چوونی پرۆسەی ژنان، چونکە ئەو وەزیرە ژنە کار بۆ ئەجندای حزبێك دەکات، کە لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە پیاو کارنامەکەی بۆ دەستنیشان دەکات و هەر پیاویش دەبێتە ڕێپیشاندەری کارەکەی، ئیتر لەم حاڵەتەدا هەموو ئەو پرسانە تەجمید دەبن کە تایبەتن بە ژن و پیاوان دەبنە خاوەنی بڕیاری سەرەکی لە وڵاتدا و ژنانیش وەك پاشکۆی ئەوان دەردەکەون، ژنە سیاسییەکانیش ناتوانن ببنە لەمپەری بڕیارەکانی پیاوانی دەسەڵات و تەنیا ئەرکیان جێبەجێکردن دەبێت».

لانە بەکر چالاکی بواری ئافرەتان و بەڕێوبەری یەکێك لە کۆمپانیاکانی بواری بەرهەمهێنانە. ئەو ڕایوایە «لەهەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەتان لە پۆستی باڵادان و ئەگەر ئەمە بکرێتە پێوەر، دەبێت دان بەودا بنێین کە حکومەت گرنگی بە پرسی ژن داوە». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «لە هەرێمی کوردستاندا حکومەت بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی لە پۆستی باڵادا داناوە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانە وەك پێویست نەیانتوانیوە کار لەسەر پرسی ئافرەت بکەن و زیاتر ئەرکی ئەوان لە چەند خاڵێکدا سنووردار بووە، ئەوەندەی کە من هەستم پێکردبێت، لە زۆربەی کار و چالاکییەکاندا بەشێکی زۆری ئافرەتانی خاوەن پۆست نەیانتوانیوە ئەرکی خۆیان بگەیەننە ئەنجام، تەنیا چەند ئافرەتێك نەبێت، نموونەشمان ئەوەیە کە کاتێك هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی جەنگی تیرۆر بۆتەوە، کەم ئافرەتی خاوەن پۆست بە ئەرکی خۆیان هەستان و تەنیا ئافرەتێك کە توانی زۆرترین و جوانترین نموونە لەکاری سەرکەوتوو پێشکەش بکات، خاتوو ڤیان دەخیل پەرلەمانتاری عێراق بوو» .

ئەو چالاکەی بواری مافەکانی ئافرەت پێشنیار دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر گرنیگدان بە تواناکانی ئافرەتان و پێشخستنیان پێویستە هەوڵبدات بۆ ئەوەی گرنگی بە پێگەیاندنی ئافرەتی بەتوانا بدات کە بتوانێت لە هەموو ئاستێکدا پۆست و بەرپرسیاریەتی وەر بگرێت». گوتیشی: «ئافرەتان چۆن داوا دەکەن لە پۆست و پلەدا هاوبەش بن، پێویستە لە ئەرك و فرمانیشدا بەشداربن و بتوانن بە کارامەیی و تواناکانیان پەیامێکی جوان بگەیەننە سەرووی خۆیان و هاووڵاتیانیش دڵنیا بکەنەوە».

لە لای خۆیەوە پەیمان عزەدین پارێزەر و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا ئەوەی بۆ گوڵان خستەڕوو کە «ئەگەر هەڵسەنگاندێکی ورد بۆ ئەرك و چالاکی ژنە وەزیر و بەرپرسەکان بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕووی پیشەییەوە لە پیاوە هاوشانەکانیان سەرکەوتووتر بوون .هەرچەندە لەکارنامەی هیچ کام لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا پرسی ژن ئەولەوییەتی پێنەدراوە، ئەمەش وایکردووە کە ئەگەر بەرپرسی یەکەمی ئەو دامەزراوەیە ئافرەتیش بێت، نەتوانێت ببێتە مینەبەرێك بۆ گرنگیدان بەئافرەتان وەك پێویست خزمەت بەپرسی ژنان بکات، واتە زۆر لەو ژنانەی کە خاوەن پۆست بوون لە ڕووی پیشەییەوە لە پیاوەکان سەرکەوتووتر بوون، بەڵام وەك ژنێك کە لە پۆستێکی باڵای حکومەتدا بووە، ڕەنگە نەیتوانیبێت خزمەت بە پرسی ژنان بکات. ئەمەش پەیوەندی بەتوانای ئەو ژنە، یان بە تێگەیشتنی ئەو ژنەوە نییە لە کارەکە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەوەوە هەیە کە لە کارنامەی کاری ئەو دامەزراوەیەی کە بەو ژنە سپێردراوە، تاچەند پرسی ژن لە ناو کارنامەکەدا هەبووە، چونکە ئەو ژنە وەزیر بێت یان بەڕێوبەری گشتی، یان سەرۆکی دەستەیەك، یان سەرۆکی هەر دامەرزاوەیەکی کۆمەڵایەتی یان خزمەتگوزاری بێت، ئەوا کارنامەیەکی بۆ دانراوە کە پێویستە جێبیەجێی بکات و ناتوانێت لەو پرۆپۆزەلە لابدات».

پەیمان عزەدین جەختی لەوە کردەوە کە «لە کوردستان ئەوە بۆ چەند کابینەیەك دەچێت ئەنجومەنێك بە ناوی ئەنجومەنی خانمان هەیە و بۆردێکی تایبەت بە ئافرەتانی هەیە، بەڵام لە ڕووی عەمەلییەوە پێویستە ئەم ئەنجومەنە بتوانێت خزمەتی زیاتر بە پرسی ژنان بکات و بۆ برەودان بە تواناکانی ژنان لە هەموو ڕوویەکەوە ئەرکی زۆر لە ئەستۆ بگرێ، هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە «ساڵانە پارەیەکی زۆر لەسەر بودجەی گشتی بۆ یادی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی تەرخان دەکرێت، بەڵام ئەو پارەیە بەهەدەر دەڕوات، چونکە ئەنجامی نەبووە، شتێکیش کە ئەنجامی نەبێت، ئەوا هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت. لەکاتێکدا گەورەترین هەڕەشە لەسەر ژنی کورد مەسەلەی توندوتیژییە کە ساڵانە زۆرترین قوربانی لێدەکەوێتەوە».

**تەنیا ئافرەتێك کە توانی زۆرترین و جوانترین نموونە لەکاری سەرکەوتوو پێشکەش بکات، خاتوو ڤیان دەخیل پەرلەمانتاری عێراق بوو**

**یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە کە پرسی ژن زۆر بە لۆکاڵی ماوەتەوە و هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە**

**تا ئێستا ئەنجومەنی خانمان یاسایەکی سەربەخۆی نییە و بەبێ یاسا کاردەکات**

# بەساڵاچووان لە خەڵوەتگەی خانەی پیراندا گلەیی لە کەسوکاریان دەکەن

خانەی بەساڵاچووان، خەڵوەتگەی پیران، یان دوامەنزڵگەی ژیان، بەو شوێنە دەگوترێ کە هاوڵاتیانی بەساڵاچوو لەوێ دوارۆژەکانی تەمەنیان بەسەر دەبەن. ئەوان هەرکامیان هەڵگری میلودرامایەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی ژیانن کە قەدەر چارەنووسیانی لەو خانەیەدا گیرساندۆتەوە. زۆربەی ئەو ئافرەت و پیاوە بەساڵاچووانەش کاتێك فرمێسك لە چاوەکانیاندا قەتیس دەبێت، کە باسی بیرەوەرییەکانی خۆیان دەکەن، ئەوان تەنیا بەوە دڵخۆشن کە لەگەڵ «هاوبەندییەکان»ی خۆیان دەژین و گوێ لە ئازارەکانی یەکتر دەگرن، بەردەوامیش لە خەڵوەتگەی خانەی پیراندا گلەیی لە کەسوکاری نزیکیان دەکەن، بەوەی کە بەرامبەریان بێوەفایی دەنوێنن و جگە لەوەی قەرەبووی ئەرك و ماندووبوونی ڕابردوویان نەکردووەتەوە، بەڵکو بە دەگمەن سەردانیشیان دەکەن.



خانـــەی بەســـاڵاچووان لـــە ٢٠١١/٥/٢٤ دامەزراوە، ئێســـتا زیاتر لە (٧٠) بەســـاڵاچوو ژیانی تیادا دەگوزەرێنن، لـــەدوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان خانەی بەســـاڵاچووانی ئاساییە کە بەشێکی زۆر لەو بەساڵاچووانە لەخۆ دەگرێت، لە ڕەگەزی نێرن و چوونەتە تەمەنەوە، بەڵام هیچ نەخۆشـــییەکی، یان کێشەیەکی جەســـتەییان نییە و بەساڵاچووی ئاســـایین، کە ٢٠ کەســـن. بەشی دووەمی خانەی بەســـاڵاچووان ئەو بەساڵاچوانە لەخۆدەگرێت کە لە ڕووی جەستەییەوە پەکیان کەوتووە، یان نەخۆشی جۆراوجۆریان هەیە، نزیکەی ٥٠ کەس دەبن، لەو ڕێژەیەش ٢٠ کەسیان ئافرەتن. سەرجەم ئەو ئافرەتانەش کە لەو خانەیەن پەککەوتەن.

**ئاریشەکانی بەساڵاچووان لە سەر زاری خۆیانەوە**

سدیق عوســـمان، پیاوێك بەتەمەنە و بێزاری و بێتاقەتی بە ڕوخساریەوە دیارە، وەك خۆی باسیکرد، لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەیدا ڕابردوویەکی زۆر تاڵی هەبووە، بۆیە حەز ناکات ئازار و برینەکانی ڕابردووی بکوڵێنێتەوە، بەڵام نهێنییەکی ژیانی خۆی بەمجۆرە دەخاتەڕوو «من ماوەیەکی زۆرە تەمەنی خۆم بەتەنیا دەبەمە سەر، چونکە ٢٥ ساڵ لەمەوبەر کە ماڵمان لە یەکێك لـــە گوندەکانی نزیك هەولێر بـــوو، ژنەکەم لەگەڵ پیاوێکی دراوســـێماندا ڕەدوو کەوت، پێکەوە بۆ شـــوێنێکی نادیار ڕۆیشتن، ئیتر منیش منداڵەکانم پێ بەخێو نەکرا، چونکە نەمدەتوانی منداڵ پەروەردە بکەم و دەوامیشـــم هەبوو، بەناچاری منداڵەکانم دایە خوشـــکەکەم بۆ ئەوەی بۆم بەخێو بکات، ئیتر من چووم ژنێکی ترم هێنایەوە، عاقیبەتیش وایلێهـــات ئەوە ماوەی چوار ســـاڵ زیاترە ژنەکـــەم و دوو منداڵی خۆم منیـــان دەرکردووە، ئاخر کەی خودا ئەم زوڵمـــە قبوڵ دەکات؟ من لە دوو ژن خاوەنی شـــەش منداڵم، کەچی کەســـیان لێم ناپرســـنەوە، هەر لەکۆڵانان دەکەوتم، دواتر هاتمە ئێرە، لێرە منیان حەواندەوە، بەڕاستی زۆر مەمنوونیانم»، گوتیشی «من هەموو کوڕەکانی خۆم کردە پیاو،خوێندنم پێیـــان تەواوکرد، کەچـــی وەفاکەیان ئەوە بوو کـــە دەیبینن، منیان لێرە فڕێداوە».

**کارمەندانی خانەی بەساڵاچووان لەمنداڵەکانی خۆمان باشترن**

ســـامیە عومـــەر ئافرەتێکـــی خەمبـــاری بەتەمەن بوو، کە لە ســـەر قەرەوێڵەیەك ڕاکشابوو، هەر بەدەم گریانەوە تەماشای دەوروپشتی خۆی دەکرد، چەندی دەکرد، نەیدەتوانی لەشـــوێنی خۆشـــی دابنیشێت، ئەو بەدەم هەنیســـکی گریانەوە باسی خەمی ڕۆژگار و نهێنییەکانی ژیانی دەکات «بەبیرم دێت لەگوند ژیانێکی زۆر خۆشـــمان دەبردەسەر، ئەوەندە نەبێت هـــەر هەنێك بە هۆی کاری ڕۆژانە مانـــدوو دەبووین، ئەو کات ماڵمان لەگوندێکی دەشتی هەولێر بوو، هەر خەریکی کشتوکاڵ بووین، بـــەڵام لەو کاتەوە من دەردەســـەرییەکانم دەســـتی پێکرد، کە ماڵمان لەدەشـــت نەمـــاو هاتینە ئۆردووگای کانی قرژاڵـــە و ئیتر مێردم کرد، دوای ئەوەی مێردەکەم مرد، بەتەواوی ســـەرگەردان بووم، بە تەنیـــا دەژیام، ئەوەش بۆ من بە تەنیـــا زۆر ناخۆش بوو، گەرچی من خاوەنی هەشت کوڕم کە هیچیان ئامادەنەبوون یەك دەقیقـــە جێگەم بکەنەوە، بۆیە هاتمە ماڵی کچەکەم، کچە تاقانەکەم کە ماڵی لە گەڕەکی کوردستانە جێگەی کردمەوە، بەڵام بەداخەوە زاواکەمان هەموو ڕۆژێك شەڕ و گەڕی دنیـــای بەمن و کچەکەم دەکرد، دەیگوت کچەکەت تەڵاق دەدەم، منیش لەبەر خاتری کچەکەم خۆمم سەرگەردان کرد، ئەوە بوو لەکۆتایی عومردا کەوتمە ئێرە، شوکر بۆ خودای گەورە و میهرەبان لە ســـەر جادە نەکەوتم، کارمەندانی ئێرەش بەخـــوای لەمنداڵەکانی خۆمان باشترن».

**هەرمنداڵێکم بیانوویەکی بۆ دەرکردنم دەدۆزیەوە**

پیاوێکی ســـەرو ڕیش ســـپی لە ژوورێکی نێو خانەی بەساڵاچووان بەدەم خەم و خەفەتـــی ڕۆژگارەوە دەیڕوانییە تەلەفیزیۆنەکەو هاوکات یەکێك لە کارمەندەکانی بانگ کرد بۆ ئەوەی ئاوی بۆ بهێنێت، جاروبار خۆیشـــی لێیان توورە دەکرد، وەك خۆی باســـیکرد لە ڕابردوودا پیشەی جووتیـــار بووەو زۆر لەکارکردندا بەتوانابووە، بەڵام قەدەر وەهای بەســـەر هێناوە، ئەویش بەمجـــۆرە دڵی خۆی بۆ گوڵان کردەوەو گوتی «دوای پیربوونـــم منداڵەکانم منیان بەخێو نەدەکـــرد، هەریەکەیان بە بیانوویەك منی لە ماڵی خۆی دەردەکرد، باوکی ١٠ منداڵم، کەچی لە سەر شەقام دەخەوتم، شەوێکیان لەسەر شـــەقامی شەست مەتری خەوم لێکەوتبوو، پۆلیـــس منیان هێنا بۆ ئێرە، ئیتـــر دڵی چیو بە ئەولاد خۆش بێت، خۆ هەر لێم ناپرسنەوە».

**پێویستە یەکە تەندروســـتییەکان گرنگی بەباری دەروونی بەساڵاچووان بدەن**

لەلای خۆیـــەوە بەڕێوەبەری خانەی بەســـاڵاچووانی هەولێر (توێژەری کۆمەڵایەتـــی کامەران تۆفیق)، هێمای بۆ ئـــەوە کرد، کە ئەو خانەیە لە دوو بـــەش پێکهاتووە، خانەی بەســـاڵاچووانی ئاســـایی و خانەی پەککەوتەکان)، ســـەبارەت بەوەش کە بۆچی بەشـــەکان جیاکراونەتەوە؟ گوتی «خانەی بەساڵاچووانی ئاسایی، ئەو بەساڵاچووانە دەگرێتەخۆی کە کێشەی جەستەییان نییەو کەسانی ئاســـایین، بەڵام چوونەتە تەمەنەوە، بەڵام خانەی پەککەوتەکان ئەو بەساڵاچووانە دەگرێتەخۆی کە لەڕووی جەســـتەییەوە پەکیـــان کەوتووە، واتا ئەو بەساڵاچووانە پێویســـتییان بە چاودێری بەردەوام هەیە، پەککەوتەمان هەیـــە، ناتوانێت خاوێنی خۆی ڕابگرێت، پەککەوتەمان هەیە هەموو جەستەی لەکار وەستاوە، تەنیا سەری کار دەکات و ناکرێت ئێمە پەککەوتەیەك کە بەم شـــێوەیە دەژی لەگەڵ بەســـاڵاچوویەك کـــە هیچ کێشـــەیەکی جەســـتەیی نییـــە پێکـــەوە دایانبنێین، لەبەر ئەوە ئێمە دوو بەشـــی جیاوازمان داناوە».





کامەران ئـــەوەش دەخاتەڕوو کـــە توانیویانە ژمارەیەك لە بەســـاڵاچووان لە ماوەی ئەم سێ ســـاڵەی کۆتاییدا بنێرنەوە بۆ ناو کەســـوکاریان کە نزیکەی ٥٠ بەســـاڵاچوو بوون، کێشەکانیان چارەسەربووە.

ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشـــی «بەشـــێکی زۆر لـــە بەســـاڵاچووان ڕووبـــەڕووی قەیرانی دەروونی بوونەتەوە و پێویســـتیان بەپزیشکی دەروونییە بۆ چارەســـەرکردن، بۆیە داوا لە بەشی نەخۆشـــییە دەروونییەکان دەکەین بۆ چارەســـەری ئەم کێشەیە هاوکاریمان بکەن، چونکە مرۆڤی بەساڵاچوو دڵیان زۆر ناسك دەبێت و زوو تووشی قەیرانی دەروونـــی دەبن، بۆیـــە داواکارم یەکە تەندروستییەکان زیاتر گرنگی بەباری دەروونی بەساڵاچووان بدەن .

# خانمانیماڵەوە
# خۆیان بە فەرمانبەری بێ مووچەن دەزانن

**لەکۆنەوە تائێستا ئافرەت لەبەڕێوەبردنی ماڵ و خزمەتکردنی ئەندامانی خێزان پشکی شێری بەرکەوتووە، زۆرن ئەو ئافرەتانەی زۆربەی کاتەکانی ژیانیان لەنێو چێشتخانەی ماڵەوە بەسەر دەبەن، بێئەوەی لەلایەن بەخێوکەری ماڵ درك بەم ئەرکە قورسەی بکرێت، دەروونناسانیش هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە مانەوەی ئافرەتان لەچوارچێوەی ماڵ و نەبوونی داهاتێکی سەربەخۆ ئافرەت تووشی خەمۆکی و بێئومێدی دەکات.**

ئافرەتێك:

**ئەرکی ماڵەخەزوورانم وایکردووە بوومەتە خزمەتکارێکی بێ مووچەو بەردەوام لە چێشتخانەم**

### ئافرەت چاوی لەدەستی مێردی بێت، ناتوانێت هیچ بڕیارێك بدات

« بەهـــۆی کەمتەرخەمی دایـــك و باوکم لەقۆناغی ســـەرەتایی وازم لەخوێنـــدن هێنا، هـــەر لەو تەمەنەوە بەبێ ویســـتی خـــۆم خزامە ناو چێشـــتخانە، ئێستاش کە ژیانی هاوسەریم پێکهێناوەو سێ منداڵم هەیە، وێڕای خزمەتکردنی هاوســـەر و منداڵەکانم، خزمەتی خەسوو و خەزوور و شووبراکانیشم دەکەم، وەك بڵێی چێشتخانە بەمیرات بۆم بەجێ مابێت، شـــەو و ڕۆژ لەچێشـــتخانەم، بەکورتی خزمەتکارێکی بێ مووچەم». ئەوە قســـەی شەونم عەباسی تەمەن ٣٨ ساڵ بوو. ئەو نیگەرانی خۆی لـــەوە دەردەبڕێت کە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، بۆ ئەوەی داهاتێکی ســـەربەخۆی هەبێت، بۆیە دەڵێت: «کە ئافرەت چاوی لەدەستی مێردی بێت، ناتوانێت هیچ بڕیارێك بدات».

### گرنگە ئافرەتانی ماڵەوە ســـەرچاوەیەکی داهاتیان هەبێت

ڕووناك سابیر یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتەی کە هەمـــوو تەمەنی لەکونجـــی ماڵەوەو بەتایبەت لەچێشـــتخانە بەسەربردووە، ئەو ڕایوایە «بەهۆی خراپـــی باری ئابووری زۆرجار ئافرەت بیر لەگرتنەبەری ڕێگەی خراپیش دەکاتەوە»، ڕووناك بە توندی ڕەخنە لەو دایك و باوکانە دەگرێت، کە ڕێگری لـــە خوێندنی کچانیـــان دەکەن. سەبارەت بە خۆیشی گوتی «خوا باوکم بگرێ کە نەیهێشت خوێندن تەواو بکەم، لەپۆلی دووی ناوەندی بـــەزۆر لەخوێندن دەریهێنام، دایکم زۆر پاڕایەوەو گوتی با سێیەکەی تەواو بکات، بەدایکمی دەگوت: بۆچی دەتەوێ کچەکەت تەعیین بکەی؟ ئێستاش حکومەت بەقسەی گەورە گەورە باسی مافی ئافرەت دەکات، بەڵام ئامـــادە نییە مووچە بۆ ئێمەی ئافرەتانی ماڵەوە ببڕێتەوە، بۆئـــەوەی چیدیکە لەلایەن مێردەکانمان هاوارمان بەســـەردا نەکرێت و بـــە نییە وەڵاممان بدرێتەوە کاتێـــك داوای پارەیان لێدەکەین، من کە دەســـت لەمێردەکەم پان دەکەمەوە هەست بە سووکایەتییەکی زۆر دەکەم، منیش وەکو ئافرەتانی دیکە حەز بەپۆشـــینی جلوبەرگی جوان و تازە دەکەم، نەك ئەو جلە لەنگانەی کە ئێستا لەبەرمدایە».

هێمن عەبدولقادر توێژەری دەروونی و بەرپرسی پلاندانان لەبەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە کارکردنـــی ئافرەتان لە ماڵەوە کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاری خۆی هەیە، تەنانـــەت لە کۆندا بەشـــێکی ئافرەتانی خوێندەواریـــش کە بڕوانامەیان هەبووە، ڕێگەیـــان پێنەدراوە لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن، واتە تێڕوانینی کۆمەڵگـــە وابووە کە ئافـــرەت تەنها بۆ کاروبـــاری ناوماڵ و منداڵ دروســـتکراوەو نابێت بچێتە دەرەوەو کار بکات. پاشان وردە وردە ئەم نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییانە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی بەســـەردا هات. هێمن عەبدولقادر «ئاڵۆزبوونی ژیان و کەمی شوێنی نیشتەجێ بوون و دەسهاتی مانگانە و ڕۆژانەی تاك»یشی بە هۆکارێك ناوبرد کە وایکردووە هاوکێشـــەکە تەواو پێچەوانە بێتەوە، بۆیە ئێستا زۆر ڕێگری لە کاری ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ و لەناو فەرمانگەکان ناکرێ.

گوتیشی: لەگەڵ هەموو ئەوانەشـــدا گومانی تێدا نییە مانەوەی نەك ئافـــرەت، بەڵکو هەر مرۆڤێك بە درێژایی ڕۆژ، یان مانگ و ســـاڵ لە ســـوچی ماڵەوەدا دنیایەك نەخۆشـــی و دەردی دەروونی لێدەکەوێتەوە، چونکە مرۆڤ هەمیشـــە پێوســـتی بەوە هەیە، ژینگە کۆمەڵایەتی و مادییەکانی بۆ چەند ســـەعاتێکیش بێـــت، بگۆڕێت، تەنانەت خەڵکی جیاواز و شـــوێنی جیاواز و شـــتی تازە ببینێت و ببیســـتێت، بەڵام ئەم گۆڕانە ئافرەتانی ماڵەوە ناگرێتەوە». ئەو توێژەرە نەبوونی داهاتیشـــی بۆ ئافرەت بە کێشـــەیەکی دی هەژمار کرد، کە «هەمیشـــە وادەکات ئافرەت پاشـــکۆ بێت و چاوی لە دەســـتی کوڕ و مێـــرد بێت، ئەمەش ناچاری دەکات، بەرگەی هەموو فشـــارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی خێزان بگرێت، بۆ ئەوەی ســـەری لێ نەشێوێت و لانە و شوێنی مانەوەو



گوڵان: کۆمەڵایەتی



**پەرلەمانتارێك:**
**دیاریکردنی ڕێژەی هەژاری دەبێتە پێوەرێك بۆ ئەوەی ڕێگەی زیاتر بۆ کاری ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ بکرێتەوە**

**دەروونناسێك:**
**مانەوەی هەر مرۆڤێك بە درێژایی ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە سووچی ماڵەوەدا دنیایەك نەخۆشی و دەردی دەروونی لێدەکەوێتەوە**

**کۆمەڵناسێك:**
**ئەگەر ئافرەت داهاتی سەربەخۆی نەبێت و لەماڵیش پارەی لەبەردەست نەبێت دوور نییە بەلاڕێدا بڕوات**

خواردن و پێداویستییەکانی تری لە کەسانی ترەوە دەستکەوێت».
توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبین فەتاح، سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوەدەکات کە کاتێك کچ و کوڕ خێزان پێکدەهێنن و بە پرۆسەی هاوسەرگیریدا دەڕۆن، پێویست دەکات کارەکانی بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزان پێکەوە بەڕێوە ببەن. گوتیشی: «لە زۆربەی خێزانەکانی ئێمەدا ژنان زیاتر سەرقاڵن بە کارەکانی ناو خێزان، واتە ئەو کارانەی لە چوارچێوەی ماڵدا ئەنجام دەدرێت، لە بەرامبەریشدا پیاوان ئەرکی کارەکانی دەرەوە لە ئەستۆ دەگرن. بە کورتی پیاوان سەرقاڵ دەبن بە کۆکردنەوەی پارە و داهات بۆ خێزان و ئافرەتانیش زیاتر ماڵ بەڕێوەدەبەن».
ڕێبین فەتاح ئەوەشی خستەڕوو کە «لە کوردەواریدا زۆرجار (ژن و ماڵ) بەکاردێت، ئەوەش دوو چاوگی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە ژنان بوونەوەرێکن لە چوارچێوەی ماڵدا کاردەکەن، دووەمیان ئەوەیە کە ژنان ماڵ دروست دەکەن»، گوتیشی: «لەناو ئەو خێزانانەدا کە ژنان لە ماڵەوە و پیاوان لە دەرەوە کاردەکەن، مەرج نییە پیاوان وەك بووکەڵە، یان وەك ڕۆبۆتێك تەماشای ژنان بکەن و تەنها وەك ئامرازێکی ناو چێشتخانە تەماشایان بکەن».
ئەو توێژەرە نموونە بە خێزانی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت «دایك و باوکی من تەمەنیان لە سەرووی شەست ساڵەوەیە، هەموو تەمەنی دایکم لە ماڵەوە کاری کردووە، بەڵام لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەو پارەیەی بابم لە دەرەوە پەیدای دەکات، ڕاستەوخۆ رادەستی دەست دایکمی دەکات و هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نامێنێت، ئیتر دایکم خۆی بەرپرسە لەوەی پارەکە چۆن و بە چ شێوەیەك خەرج دەکات و بەکاری دەهێنێت، بابم هیچ کات تەنانەت نازانێت، یان لەوە ناپرسێتەوە چی هەیە و چی نییە. هەروەك ئەگەر بیەوێت شتێك بکڕێت، داوای بڕی پێویستی پارەکە لە دایکم دەکات». جەختی لەوەش کردەوە کە لەڕێگەی پەروەردەکردنی منداڵەکان هەر لە قۆناغەکانی ناو خێزانەوە تا دەگات بە قوتابخانە و ئاستەکانی دیکەی خوێندن وپەروەردەکردن، دەبێت تاك لەو بوارەدا هوشیار بکرێتەوە کە هاوسەران دەبێت پێکەوە ژیانی هاوبەشییان بەڕێوە ببەن». گوتیشی «نابێ ئەوەمان لەبیربچێت، ئەگەر ئافرەت داهاتی سەربەخۆی نەبوو و لەماڵیش بڕی پارەی تەواوی لەبەردەست نەبێت و هەمیشە چاو لەدەستان بێت، دوورنییە بەلاڕێدا بڕوات، حاڵەتی لەو شێوەیەش تۆمار کراوە، گومانیشی تێدا نییە، کە زۆر زیاتر لەوەی تۆمارکراوە لە دادگاکان و بنکەکانی پۆلیس، بوونیان هەیە، چونکە هەموو حاڵەتەکان ئاشکرا نابن و ناگەنە دادگا و ناکەونە دەست پۆلیس». ئەوەشی دووپات کردەوە کە «نەبوونی سەرچاوەی ئابووری، لە بنەڕەتدا ئینسانێکی کۆیلە دروست دەکات، ئەو ئینسانە، نێر بێت یان مێ، مادام سەرچاوەیەکی ئابووریی سەربەخۆی نەبێت، دەبێت بە کۆیلەی ئەو کەس، یان هێزەی سەرچاوە ئابوورییەکەی بۆ دابین دەکات». ڕێبین فەتاح جەختی لەوە کردەوە کە ئەو کوڕانەش سەرچاوەی ئابوورییان نییە، گوێڕایەڵی سەرسەختی باوکەکانیانن، هەتا لەو شوێنەشدا کە هیچ باوەڕیان بە گوتار و ڕەفتاری بابیان نییە، ناچارن بەقسەی بکەن، چونکە ناتوانن ئیرادەیەکی سەربەخۆیان هەبێت کە پشت بە داهاتی خۆیان ببەستن».
پەرلەمانتار نەسرین جەمال بۆچوونی وایە ئەگەر ئافرەت خاوەن داهاتی خۆی بێت، سوودی بۆ خۆی و بۆ وڵاتەکەشی دەبێت، چونکە «لە بەدەستخستنی ئابووری بۆ خێزان و وڵاتەکەشی بەشداردەبێت»، ئەو پەرلەمانتارە بە پێویستیشی زانی سەرەتا باسی ڕێژەی هەژاری بکات و ئەوەشی بە پێوەرێك ناوبرد بۆ ئەوەی ڕێگەی زیاتر بۆ کاری ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ بکرێتەوە، گوتیشی: «بەداخەوە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی هەژاری دیارنەکردووە، ئەمساڵ دەگوترا ڕێژەکەی تەنیا ٧٪ـە، بەڵام ئێمە ڕێژەی خوار هەژاریشمان هەیە، پێویستە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە کە هێڵی خوار هەژاری چارەسەر بکات، ناکرێ لە هەرێمێکی پڕخێر و بێر و دەوڵەمەند، ئافرەتان بەم کولەمەرگییە ژیان بکەن، ئافرەتانێك بێ مووچە و بێ داهات چاو لەدەستی ئەم و ئەو بن».
پەرلەمانتار نەسرین جەمال جەختی لەوەش کردەوە کە «لە ئێستا و لە رابردووشدا پیاو بەتەنیا ئابووری وڵاتی پەیدا نەکردووە، داهاتی گشتی هەر وڵاتێکیش تەنیا بۆ پیاوان نییە، ئافرەتی ئێمەش لە لادێکاندا توانیویانە هەم خزمەتی ماڵ و مێرد بکەن و منداڵ پەروەردە بکەن، هەم خزمەتی میوان و پێشمەرگە بکەن و شانبەشانی مێردەکانیشیان لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان کاریان کردووە، کەواتە ئەو بەرهەمە تەنیا ڕەنجی شانی پیاو نەبووە ڕەنجی شانی ئافرەتانیش بووە. پێویستە ئافرەتان ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێ کە وەك پیاوان داهاتی سەربەخۆیان هەبێت».